گۆشەی فەتوا

( فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون )

# وەڵامی شەرعی بۆ پرسیاری خوێنەران

**ئامادەكردنی : ماموستا خلیل احمد**

ئەم گۆشەیەی گۆڤارەكەمان فەتوای زانایان و وەڵامی پرسیار و كێشەی خوێندەوارانی بەڕێز دەربارەی بابەتی فیقهو حەدیس و ئەو شتانەی پەیوندیان بە شەرعەوە هەیە لە ئامێز دەگرێ ، بە ویستی خوای گەورە لە هەموو ژمارەیەكدا هەڵدەستین بە كۆكردنەوەو ئامادەكردنی ژمارەیەك فەتوای بەسوود لە وەڵامی زانایانی متمانە پێكراو و سەرچاوەی زانستی متمانە پێكراودا .

**پ ١ / پێم خۆشە پرسیارێكتان ئاراستە بكەم بزانم حوكمی شەرع چی یە دەربارەی كڕین و فرۆشتن و بە خێو كردنی ئەو گیاندارانەی بۆ جوانی و ئارەزوو شكاندن بە كار دەهێنرین بۆ نموونە :**

**١- باڵندەی جوانی وەك : تووتی و باڵندە ڕەنگاو ڕەنگەكان .**

**٢- خشۆكەكان وەك : مارو مارمێلكەكان .**

**٣- دڕندەكان : وەك : گورگ و شێرو ڕێوی و .......... هتد .**

**ئەمانە بەكار دەهێنرێن لە بەر جوانیان یان لە بەر پێستەكانیان ، ئەووش بزانن ئەمانە گران بەهان و بەندو ماڵی دەكرێن ، بازرگانی كردن بەمانە قازانجێكی باشی تێدایە .**

وەڵام : یەكەم / فرۆشتنی باڵندەی جوانی وەك تووتی و باڵندە ڕەنگاو ڕەنگەكان و بولبول لە بەر دەنگیان كارێكی ڕەوایە ، چونكە تەماشا كردن و گوێ ڕاگرتن بۆ دەنگیان كارێكی حەلاڵە، هیچ دەقێك نەهاتووە لە سەر حەرام بوونی فرۆشتن و بەخێو كردنیان بەڵكو بەڵگە هاتووە كە ڕەوایەتی ڕاگیركردنیان ببەخشێت بە مەرجێ خواردن و خواردنەوەیان پێ بدات وە ئەوەی لە سەری پێویستە بەرامبەریان ئەنجامی بدات ، لەو بەڵگانەش :

ئەو فەرمودەیەی ئیمامی بوخاری لە حەدیسی ئەنەس بۆمان دەگێڕێتەوە كە ئەنەس دەفەرموێ:

( كان النبي ﷺ أحسن الناس خلقاً وكان لي أخ يقال له أبو عمير – قال أحسبه

فطيما — وكان اذا جاء قال يا أبا عمير ما فعل النغير ؟ )) نغر كان يلعب به... ]

( نغـر )[١] جۆرێكـە لـە جۆرەكـانی باڵندە ، ئیبنولحەجـەر لـە كتـێبی ( فـتح الباری ) لە میانەی ژماردنی سـوودەكانی ئــەم فەرموودەیــەدا ئــەڵێت : ئــەم فەرموودەیە ئـەوەش دەگەیـەنێ حەڵاڵـە منداڵ یاری بـە باڵنـدە بكـات ، باوكـان و دایكانیش واز لە منداڵەكانیان بهێنن یاری بكـەن بـەو شـتانەی حەلاڵـە یاریـان پـێ بكرێـت وە ئەوەشـی تێدایـە كـە حەڵاڵـە پارە خەرج بكرێـت لـەو شـتە ڕەوایانـەی منــاڵان پــێ ی ڕادەبـوێرن و خۆیانیــان پێوە خەریك دەكەن وە ڕاگرتنی باڵنـدە لە قەفەسدا حەڵاڵە و باڵكردنی باڵنـدەش حەڵاڵە چونكە ئەوەی ( أبـو عمـير ) یـان قەفەسی كرابوو یان باڵی كرابوو هـەركام لــەو دووانــە بێــت ئــەویتریش حــوكمی یەكەمیان وەر دەگرێت ، هـەر وەهـا لـەو بەڵگانــە حەدیســەكەی ( أبــو هريــره ) خوای لێ ڕازی بێت ڕیوایـەت دەكـات كـە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:

( دخلت امرأةٌ النار في هرة حبســتها لا هي اطعمتها و سقتها ولا هيً تركتها تأكلً من خشاش الارض)[٢].

واتــە ئافرەتێـك چـووە نـاو ئــاگری دۆزەخــەوە بــە هــۆی بەنــد كردنــی پشیلەیەك ، نە خـواردن و خواردنـەوەی پێـدا وە نەهێشـتی بـۆ خـۆی لـە مـارو مێرووی زەوی بخوات .

كە وابوو لە كاتێكدا ڕاگرتنی پشیلە بــەو مەرجانــە ڕەوا بــێ ئــەوا ڕاگــرتنی باڵندەكان ڕەوایە . هەندێ لـە زانایـانیش بەخێو كردنی ئەمانەی باسمان كردن بـە ( مكروه) دا ئەنێن وە هەندێكی تریش لە زانایــان بــە حــەرامی دەزانــن ئــەڵێن : بیستنی دەنگیان و ڕابواردن بە بینینیان شتێكی پێویست نی یە و مرۆڤ پێویسـتی پێی نابێ ، بەڵكو لەخۆ بابیبون و خۆش گـوزەرانی و هەرزەیەتیـە ، چـونكە بـە دەنگــی گیانــداریك دڵشــاد دەبــێ كــە خولیـای فرینــەو خــەمی دەربـاز بـوون دەخوات.[٣]

دووەم : یەكێك لە مەرجەكانی كڕین و فرۆشـتنی دروسـت ئەوەیـە ئـەو شـتەی مامەڵەی لە سەر دەكرێ سوود وەرگـرتن لێی ڕەوا بێت بە بێ پێویستی بـوون كـە وا بوو مارو مارمێلكەكان سوودیان لی وەر ناگیرێت بـەڵكو زیـان بەخشـن كـەوا بـوو كڕین و فرۆشتنیان دروست نی یە .

(١)نەغر بێچوە چۆلەكەیە بڕوانە كتاب العين ل ٩٧٤ .
(٢)البخاري في الصحيح و مسلم ٦٢٢/٤ وغيرهم

(٣) بڕوانــە كتــێبی(الفـروع وتصـحيحه) المـرداوي( ٩/٤)، (الانصاف ) (٢٧٥/٤ ) .

سێ یەم : کڕین و فرۆشتنی گیان دارە دڕندەکان وەك گورگ و شێرو ڕێوی و ئەوانەی کەڵپەیان هەیە دروست نی یە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) نەهی لێ کردوە ، هەر وەها لە بەر ئەوەی لە دەست دانی ماڵی تێدایە و پێغەمبەریش (ﷺ ) نەهی کردوە لە فەوتاندن و لە ناو دانی سامان بە بێ هودە[٤].

**پ ٢ / ئایا لە کڕین و فرۆشتندا ڕێژەیەکی دیاری کراو دانراوە بۆ قازانج وەرگرتن یان بێ سنوورە ؟ وە لأمی ئەم پرسیارەمان دەوێ لە گەڵ باسکردنی بەڵگەی شەرعی .**

وەڵام / کەسێ ماڵێکی بۆ بازرگانی یان بۆ خۆی کڕی دروستە بیفرۆشێتەوە زیاتر لە بەهاکەی خۆی کە پێی داوە بە حازر بێ یان بە قەرز ، هیچ سنوورێك نازانین دیاری کرابێت لەوە بەدەر دروست نەبێت ، ئەوەندە هەیە سوك و ئاسان کردن لە سەر موسڵمانان پێویستە لە بەر ئەو بەڵگانەی هاندەرن بۆ ئەم مەبەستە ، بەڵام ئەگەر شتێك نرخەکەی زانراو بوو نابێ موسڵمان بیفرۆشێت بە کەسێکی نەزان بە زیاتر لەو نرخە، مەگەر ڕاستی پێ بڵێ چونکە ئەوە جۆرە فێڵێکی تێدایە ، موسڵمانیش برای موسڵمانە و نابێ ستەم و فێل و ناپاکی لەگەڵ بکات ، بەڵکو دەبێ ئامۆژگاری بکات هەموو کات پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی(الدين النصيحة) الحديث[٥]، هەروەها لە بوخاری و موسلیم دا هاتووە لە جەریری کوڕی عەبدوڵلای یەمانیەوە کە فەرموویەتی : پەیمانم دا بە پێغەمبەر (ﷺ) لە سەر نوێژ کردن و زەکات دان و ئامۆژگاری کردنی هەموو موسڵمانێك . هەر وەها لە فەتوایەکی تردا ئەڵێن: قازانج وەرگرتن لە کڕین و فرۆشتن دا سنووری دیاری کراوی بۆ دانەنراوە بەڵکو بە پێی زۆرو کەمی بوون و داوا لە سەر بوونە ( العرض والطلب ) بەلأم بۆ موسڵمان – بازرگان بێت یان کەسێکی ئاسایی– چاکتر ئەوەیە لە کڕین و فرۆشتن دا نەرم و نیان و بەخشندە بێت ، وە بێ ئاگایی بەرامبەرەکەی نەقۆزێتەوە و فێڵی لێ بکات بەڵکو مافی برایەتی ڕەچاو بکات[٦]

**پ ٣ / ئایا حوکمی ( المقانعة ) چی‌یە کە لە مزایەدەی ئاشکرادا دەکرێ ؟**

**( مقانعة )ش بریتی یە لەوەی هەندێ کەس لە مزایەدەی حکومی دا**

(٤) وەڵامی لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆلینەوە زانستیەکان و فەتوا دان بروانە کتێبی فەتاوی اللجنة الدائمة ب ١٣ ل ٣٨ فەتوای ژمارە ١٨٨٠٧ .

(٥) ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردوە

(٦) وەلامی لیژنەی هەمیشەیی فەتوای ژ ٤٥٥٢ کتێبی (فتاوى اللجنة الدائمة) ب ١٣ ل ٨٩

**دەیکەن پێکدێن لە سەر ئەوەی لە کاتی مزایەدەدا هاوبەش بن ، پاش مزایەدە جـاریکی تـر هەنـدێکیان ماڵەکـە دەفرۆشنەوە بـەوانی تریـان ئـەو بـڕە قازانجەش کـە دەسـتیان کـەوتووە بـە یەکسانی بە سەر هەموویانـدا دابـەش دەکرێت ...**

وەلاّم : ئەمـە کـارێکی ناڕەوایـە و جـائیز نـی یـە چـونکە هاریکـاری یـەکتر کردنـە لـە سـەر تـاوان و دوژمنکـاری وە زوڵـم کردنـە لـە فرۆشـیار و خـاوەنی ماڵەکـە بـۆ بەرژەوەنـدی ئەوانـەی پێکهاتوون لە سەر کڕینی ، یان جاری وا هەیـە لـە کـاتی مزایـەدەدا کەسـانێك بـە ئامـاژەکردن کەسـانێکی تـر قایـل و بـێ دەنگ دەکەن بۆ ئەوەی بە نرخێکی کەم شـتەکەیان دەسـت کـەوێت ،ئـەڵێن بـێ دەنگ بە و نیازم کردووە ئەگەر من کڕیم ئەوە تۆش بەشدار بیت ئەم مامەڵەیـەش دروست نی یە چونکە زیان و فێڵی تێدایە لـە فرۆشـیار و دەبێتـە مایـەی بردنـی ماڵەکەی بە نرخێکی کەم[٧] .

**پ ٤ / لە میانەی کڕین و فرۆشـتندا پێشـەکی( عربـون ) دەدرێـت بـۆ دامەزراندنی مامەڵەکە کـە بریتیـە لـە بڕێك پارەی کەم ئەم پێشەکی یە ماڵـە فرۆشراوەکە دەبەستێتەوە ئایا حـوکمی ئەم جۆرە مامەڵەیە چـی یـە ؟ زۆر لـە فرۆشیارەکان لە کاتی تـەواو نـەکردنی بەها ( ثمن ) ی شـتە فرۆشـراوەکە لـە لایەن کڕیارەوە یان پەشیمان بوونەوەی کڕیار ئەو پێشەکی یە بۆ خۆیان دەبـەن ئایا ئەمەش حوکمی چی‌یە ؟**

وەلاّم / کـڕین و فرۆشـتنی (عربـون) کە بریتیە لەوەی کڕیـار بڕێـك پـارە وەك پێشەکی‌یەك = کە کەمترە لە بەها (ثمن) ی فرۆشـراوەکە کـە دوای بڕاندنـەوەی مامەڵـە بـۆ زامنکردنـی فرۆشـراوەکە بـۆ خـۆی بـدات بـە فرۆشـیار یـان وەکیلـی فرۆشیار بۆ ئەوەی جگـە لـەو کەسـی تـر نەیبات ، هەر وەها ئەگەر خۆی قایل بوو ماڵەکەی برد ئەوا ئەوەی لای ماوە ئـەبێ بیدات ئەگـەر هـاتوو نـەیبردوو پەشـیمان بوو ئـەوا دروسـتە فرۆشـیار مـاڵی خـۆی بباتـەوە و ئـەو پێشـەکی‌یەش بـۆ خـۆی ببات ، کڕین و فرۆشتنی جۆری پێشەکی دان دروسـتە ئەگـەر کـات بـۆ تەسـلیم کردنـی ئـەو بـڕە پارەیـەی ماوەتـەوە دابنێت یان نـا ، دروسـتە فرۆشـیار دوای دامەزرانـدنی عەقـدی کـڕین و فرۆشـتن و دوای وەرگرتنـی فرۆشـراوەکە داوای حەقی خۆی بکـات ، ئەمانـەی خـوارەوە بەڵگـەی دروسـتێتی ئـەم جـۆرە کـڕین و فرۆشـتنەی تێدایـە : ئـیش پـێ کردنـی

---

(٧) وەلاّمی لیژنەی هەمیشەیی، فەتوای ژ ١٩٦٣٧ کتـێبی فتاوی اللجنة الدائمة ب ١٣ ل ١١٥ .

ئیمـامی عومــەر خـوای لــێ ڕازی بێــت ، ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێت : ئەم کـڕین و فرۆشتنە هیچی تێدا نی یە ، لـە ( ابـن عمـر )ە وە دەگێڕنــەوە کـە بـە حــەڵاڵی داناوە ، سەعیدی کوڕی (المسیب) و(ابن سـيرين ) وتوويانــە هیچـی تێـدا نــی یـە ئەگەر کڕیار پـێ‌ی ناخۆش بـوو بـە تـەنها ماڵەکە بگێڕێتەوە بەڵکو شتێکی لەگەڵدا بگێڕێتــەوە ، ئــەو فەرموودەیــەش کــە ڕیوایەت دەکرێـت لـە پێغەمبـەرەوە(ﷺ) کە فەرموویـەتی: (نهى عن بيع العربـــون) ئەوا حەدیسێکی لاوازەو ئیمامی ئەحمد و جگە لەویش بەلاوازیان داناوە ، کەوا بوو نابێتە بەڵگە[٨] .

**پ ٥ / حوکمی مامەڵەی ئەو کەسـە چی یە کە ئەڵێ ئـەم شـتەیەم لێ بکـڕە ئەگەر خەسارت ( زەرەرت ) کـرد ئـەوا من خەسارەکەت بۆ دەبژێرم ؟**

وەڵام / ئەگەر کڕیار بە مـەرجی گـرت کە خەسـار نابـژێرێ یـان ئەگـەر شـتەکە نەفرۆشرا ئەوا دەیگێڕێتەوە یان فرۆشیار بە مەرجی گرت و ووتـی ئـەم شـتەیەم لی بکڕە ئەگەر هاتوو خەسارت کرد ئەوا من بـۆت قـەرەبوو دەکەمـەوە ، لـەم کاتــەدا تــەنها مەرجەکــە بەتاڵــە و حســابی بــۆ ناکرێ بەلاَم کڕین و فرۆشتنەکە دروستەو دامەزراوە ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت:

(كلُ شرط ليس في كتـــاب الله فهـــو باطلٌ وإن كانَ مائة شـــرط )[٩]، چونکە دامەزراندنی عەقدەکە ئەوە دەگەیـەنێ و پێویســـت دەکـــات فرۆشــراوەکە دوای تەسـلیم کردنــی ببێتــە هــی کڕیــار و ئەویش ببێتە خاوەنی ماف لە ڕەفتار دا، ئەنجا سـودو خەسـاریش تـەنها لـە سـەر خۆیەتی و بۆ خۆی دەبێت ، هەر وەها لە بەر زیانی چاوە ڕوانکراو بە هۆی کەمتەر خــەمی کردنــی کڕیـار لــە بـازاڕ گــەرمی (ترويج ) کردن بۆ ماڵەکەی وە بە خەسار فرۆشـتنی ، هــەر وەهـا لــە بـەر ئــەوەی قسەی فرۆشیار کـە ئــەڵێ : ئەگـەر ئـەم ماڵەیـەم خەسـاری کـرد بـۆت دەبـژێرم چونکە هانـدان و فریـو دانـی تێدایـە لـەو لایەنەوە کە ماڵەکەی لە پێش چـاو واڵـی دەکات کە بازاڕی هەیـە و خەسـار ناکـاو ئەو پارەیە دەژێ[١٠] .

**پ ٦ / ڕای بەڕێزتان چی یە لــەوەی هەنــدێ بازرگــان دەیکــەن کــە لەگــەڵ کڕیار دا پێکدێن لە سەر ئەوەی کڕیـار بۆی هەیـە شـتە کڕراوەکـە بگێڕێتـەوە بەلاَم بۆی نییە پارەکەی بباتەوە بــەڵکو**

---

(٨) وەڵامـی لیژنــەی هەمیشــەیی ، فــەتوای ١٩٦٣٧ کتــێبی (فتاوی اللجنة الدائمة) ب ١٣ ل ١٣٣ .

(٩) متفق عليه

(١٠) کتێبی فتاوی اللجنة الدائمة فەتوای ژ ١٩٦٣٧ ب ١٣ ل ١٩٨.

**تەنها بۆی هەیە شتی تر هەڵگرێ ، لە کاتێکدا هیچ شتێکی بە دڵ نەبوو فرۆشیار پارەکە لای خۆی دەهێڵێتەوە تا ئەو کاتەی کڕیار شتی تر دەبات ؟**

وەڵام / مەرجی ویستن یان نەویستن بۆ کاتێکی زانراو دروستە ، کڕیار بۆی هەیە لەو ماوە دیاری کراوەدا ئەو شتەیە رەتکاتەوە ، وە پارەکەی خۆشی کە داویەتی بە فرۆشیار وەر گرێتەوە ، بەڵام مەرجی نەبردنەوەی پارەو بردنی شتی تر لە جێگەی شتە گەڕاوەکە مەرجێکی نا دروستە و دروست نی یە کاری پێ بکرێ لە بەر فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێ ( كُلُّ شرط ليس في كتاب الله فهو باطلٌ وأن كانَ مائة شرط ) [١١] .

**پ٧/ ئایا دروستە گیاندار ( حیوان ) بە کێشانە بفرۆشرێت ؟**

وەڵام / بەڵێ گیاندار دروستە بە کێشانە بفرۆشرێت ، هەر وەها کڕین و فرۆشتنی بە بینین دروستە بە ئیجماع ، ئەو ئامێرانەش کە لە سکی دایە کار ناکاتە سەر ئەو حوکمەی باسمان کرد ، هەروەها خواردنیشی دروستە ،چونکە دروستە بفرۆشرێت چونکە حوکمی ئەو وەردەگرێت کەوابوو فرۆشتنی گیاندار بەو ئامێرانەشەوە– کە لە سکی دایە بە کێشانە دروستە [١٢] .

**پ٨/ ئایا بۆ موسڵمان دروستە ئۆتۆمبێل یان کەلوپەلی ناو ماڵ و ... هتد بکرێ و بە مانگانە پارەکەی بدات؟ ئەگەر بەها ( ثمن ) و ماوەی قەرزەکەی دیاری کرد پاشان ماوەکە درێژەی کێشا و لە کاتی دیاری کراو تێپەڕی ئەوا بەهاکەی زیاتر دەبێ، زۆر لە موسڵمانانیش بیستومە فەتوای کۆڕی فیقهی ( المجمع الفقهي ) لە وولاتی سعودیة دەکەنە بەڵگە کە فەتوای حەلاڵێتی ئەم شێوە کڕین و فرۆشتنەیان دابێ ئایا راستە ؟**

وەڵام / کڕینی ئۆتۆمبیل و کەل و پەل و شتی تر لە شت و مەك[١٣] بەقەرز بە نرخێکی زیاتر لە نرخی کڕینی حازر، بەو مەرجەی ئەو قەرزە بە ژەم ( قسط ) و لە کاتی زانراودا بیداتەوە کارێکی دروستە بە بەڵگەی ئەم ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرموێ:

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى فَاكْتُبُوهُ)(البقرة: من الآية٢٨٢)

وە ئەم ئایەتە کە دەفەرموێ:

---

(١١)بڕوانە کتێبی (فتاوی اللجنة الدائمة) ب ١٣ ل ١٩٩ فەتوای ژ ١٩٨٤٠ .

(١٢) بڕوانە کتێبی (فتاوی اللجنة الدائمة) ب ١٣ ل ٢٨٩ فەتوای ژمارە ٣٢٣٩

(١٣) نەك دراوو ئاڵتون و زیوو ئەو شتانەی سوو (ربا) یان تێدایە دێتەجێ .

(وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا)(البقرة: من الآية٢٧٥)

ئەمەش هەمووی دەگرێتەوە : کڕین و فرۆشتنی دەستبەجێ و قەرزی بە ژەم (قسط) و قەرزی گرد [١٤].

**پ ٩ / لای بەڕێزتان زانراوو ئاشکرایە جۆرێك لە جۆرەکانی مامەڵەی بازرگانی لە نێوان خەڵك و بە تایبەت بازرگانەکان لە نێوان خۆیاندا بریتی یە لە کڕین و فرۆشتنی دراوی جیاواز یەکتر بە یەکتر ، بۆ نموونە : دۆلار بە ڕیاڵ و ڕیاڵ بە ( جنیە ) ی ئیستەرلینی ، ( جنیە ) بە دیناری کوێتی ..... هتد ، هەروەها بۆ هەر جۆرە دراوێك دوو نرخ هەیە ( کڕین و فرۆشتن ) ..... بۆیە پێمان خۆشە ئەم پرسیارانە لە بەڕێزتان بکەین : (أ) ئایا ئەم جۆرە مامەڵەیە دروستە ؟ وە بە کڕین وفرۆشتن ناو دەبرێت ؟ (ب) ئەگەر دروستە بەڵگە چی یە لە سەر جیاکردنەوەی لەو شتانەی سوو ( ربا ) یان تێدایە کە دروست نی یە لە کاتی گۆڕینەوەدا زیادیان لە سەر وەرگیرێت ؟**

وەڵام / ئەم شێوە مامەڵەیە کڕین و فرۆشتنە لە دوو شتدا کە سوو (ربا) ی تێدایە ئەمەش حەڵاڵە بە مەرجێك دەست بە دەست بکرێت واتە قەرزی تێدا نەبێ یا بە زیادو کەم بفرۆشرێت چونکە هەردوو شتەکە لە ڕەگەزدا لە یەك جیان بە بەڵگەی ئەو حەدیسەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی ( لا تبيعوا الذهب بالذهب الا مثلاً بمثل ولا تُشفوا [١٥] بعضها على بعض و لا تبيعوا الورق بالورق الا مثلا بمثل ولا تُشفوا بعضها على بعض ولا تبيعوا منها غائباً بناجز [١٦] ) .

پارەی کاغەزیش لە جێ ی هەردوو دراو ( ئاڵتون و زیو ) ە ، ئەو پارانەی لە پرسیارەکەدا باسکراوون جیاوازن لە ڕەگەزدا کەوابوو دروستە بە یەکتر بە زیادو کەم بفرۆشرێت بە مەرجێك قەرزی تیا نەبێ ، چونکە هەموو دراوێکی کاغەز بۆ خۆی ڕەگەزەکەی تایبەتە بە پێ ی ئەو وواڵتەی دروستی دەکات چونکە پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کردوە لە بە قەرز فرۆشتنی ئەو جۆرانەی ( ربا ) یان تێدایە لە گەڵ یەکتردا ئەم مامەڵەیەش پێ ی دەوترێ ( صرف ) [١٧] جۆرێکە لە جۆرەکانی کڕین و فرۆشتن .

ب/ هەر وەها ئەو شتانەی سوو ( ربا) یان تێدایە وەك گەنم و جۆ و خورماو مێوژ ئەگەر لە ڕەگەزدا یەك بوون

(١٤) بڕوانە کتێبی (فتاوى اللجنة الدائمة) ب ١٣ ل ٣١٢ فەتوای ژ ١٩٤٧٩ .

(١٥) لا تشفوا. واتە : بە زیاد و کەم .

(١٦) غائب ( نا ئامادە ) ناجز ( حازر ) .

(١٧) ( صرف ) بریتیە لە فرۆشتنی دراو بە دراو .

دروستە بە یەکتر بگۆڕدرێنەوە بە هەردوو مەرجی چونیەك و ئامادە (التماثل والتقابض)، ئەگەر لە ڕەگەزیشدا جیاواز بوون دروستە بە زیادو کەم بگۆڕدرێنەوە بە مەرجێ قەرزی تێدا نەبێ ، زیادو کەم وەرگرتن دروست نی یە ئەگەر هەردوو ڕەگەز یەك بوون بە حازر بێ یان بە قەرز ، وەرگرتن و بە قەرز دانی ئەو شتانەی سوو (ربا) یان تێدایە دروست نی یە چ لە ڕەگەزدا یەکبن یان جیاواز ، هەروەها ئەگەر تەنها یەك لەوانەش بە قەرز بێ ، مەگەر یەك لەو شتانە دراو ( نقد ) بێ و ئەویتر دراو نەبێ ئەو کاتە بە قەرز دروستە وەکو سەلەم و ( بيع الأجل ) .

**پ١٠ / ئەو کەسانەی دوکاندارن هەر کاتەی بە نرخێك دراو دەفرۆشن بە تایبەت لای ئێمە بەیانیان دۆلار بەرز دەبێتەوە یان دادەبەزێت یان شەوان ئایا ئەم فرۆشیارە هیچ تاوانێکی لەسەرە ؟**

وەڵام / جیاوازی نرخی دۆلار لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بە پێ ی گۆڕانی دراو لە بازاڕدا هیچ تاوانێکی تێدا نی‌یە ؟[١٨]

**پ ١١ / ئێمە بڕکەیەك ( مەڕ ) مان هەیە ئەو پاشماوەو پشقڵەی لێیان بە جێ دەمێنێ کۆی دەکەینەوە و قەلا بەستەی دەکەین ، وەلە بەر ئەوەی کێڵگەمان نی یە سوود لەم پەیینە وەرگرین ، پرسیار لە بەڕێزتان دەکەین ئایا دروستە بیفرۆشین ؟ ئایا پارەکەی حەڵاڵە بیخۆین ؟**

وەڵام / فرۆشتنی پەیینی پاك دروستە و هیچی تێدا نی یە وەك پەیینی مەڕو مانگاو ووشتر ، هەر گیاندارێك گۆشتی بخورێت پاشماوەکەی پاکە و فرۆشتنیشی حەڵاڵە و خواردنی پارەکەشی حەڵاڵە و پاکەو هیچ تاوانێکی تێدا نی یە ، ئەوەی کەوا گومان و کێشەی تێدایە ئەو پەیینەیە کە پیسە یان پیس کراوە ، بەڵام پەیینی پاك بەکارهێنانی دروستە و فرۆشتنی و پارەکەشی حەڵاڵە)[١٩]

**پ١٢ / هەندێ بازرگان شت و مەك دەکڕن و نایبینن و وەریناگرن تەنها پارەکەی دەداو وەسڵێکی لێ وەر دەگرێ و دەیخاتە کۆگای ئەو بازرگانەی لای کڕیوەتی ئەمیش دەیفرۆشێت وە بە کەسانێکی ترو ماڵەکەش هەر لە کۆگای بازرگانی**

(١٨) کتێبی (فتاوى اللجنة الدائمة) ب ١٣ ل ٤٣٩ فەتوای ژمارە ٣٠٣٧ .

(١٩) کتێبی (فتاوى اللجنة الدائمة) ب ١٣ ل ٤٦٣ فەتوای ژمارە ١٨٦٤١ .

**یەکەمدایە ئایا ئەم جۆرە کارە حـوکمی چی یە ؟**

وەڵام / بـۆ کڕیـار دروسـت نیـیە ئـەو شـت و مەکـە بفرۆشـێت تـالای فرۆشـیار بێت و نەیهێنێتە لای خـۆیـ مـاڵی خـۆی یـان بـازاڕـ لـە بـەر ئـەو فـەرموودە (صەحیح) انـەی لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) سـەلماون لەوانـە : ئـەم حەدیسـەی کـە دەفـەرموێ ( لا يحل سلف ولا بيع ولا بيع مـا لـيس عنـك )[٢٠] هـەر وەهـا ئـەم فەرموودەیـەی کـە بـە حـەکیمی کـوڕی حزام دەفەرموێ (لا تبع ماليس عنك)[٢١]، هـەروەها لـە زیـدی کـوری ثابـت ەوە دەگێرنەوە کە پێغەمبـەر (ﷺ):( نهـى أن تباع السلع حيث تبتاع حتى يحوز التجـار اى رحـالهم )[٢٢]، هـەروەها ئەوەشـی دەیکرێـت دروسـت نـی یـە بیفرۆشـێت تاوەکو نەیگوێزێتەوە بۆ ماڵی خـۆی یـان جێگایـەکی تـر لـە بـازاڕ لـە بـەر ئـەو فەرموودانـەی باسـکران و ئەوانەشـی باسنەکراون و ئەو مانایە دەگەیەنن[٢٣].

**پ١٣ / ئەوەی ئەمڕۆ لای زەڕەنگـەر بـاوە ئەوەیـە ئـاڵتونی بـەکارهێنراو وەردەگرن غەرامی بە(٣٠)ریال و ئاڵتونی تازەشی پێ دەفرۆشێت غەرامی بە (٤٠) ریال،ئایا حوکمی ئەم مامەڵەیە چیـیە ؟**

وەڵام/ دروست نیـیە ئاڵتونی خراپ بە چـاك بگۆڕدرێتـەوە و سـەرای لـە سـەر وەربگیرێت ، بەڵگەش ئەو حەدیسەیە کە بوخاری وموسلیم وکەسانی تر ریوایەتیان کردوە لەبە سەر هاتی بیلال خـوای لێی ڕازی بێت کەهەندێ خورمای تازەی هێنا بۆلای پێغەمبەر(ﷺ)ئەویش پـێی فەرموو ئەمـەت لـە کـوێ هێنـا ؟ بـیلال ووتـی : خۆمـان خورمـای خراپمـان هـەبوو دوو (صاع) ی ئـەوەی خۆمـانم گۆڕییـەوە بـە یەك ( صاع ) ی ئەم خورمایە بۆ ئـەوەی بیدەم بە تۆ ، پیغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی ( أُوَّه، لا تفعلْ؛ عين الربا عـين الربـا ) پێغەمبـەر(ﷺ)ڕوونـی کـردەوە ئـەو شـتەی گۆڕینـەوەی بەرامبـەر واجبـە بـە بـێ زیـاد گۆرینەوەی لەبەر چاك وخراپی سوو(ربا) یەو دروسـت نـی یـە،بـەڵام پێغەمبـەر (ﷺ) بەڕەوشـتی بـاوی فێـری کـردو خستیە سـەر ڕیگەیـەکی حـەڵاڵ هـانیدا خراپەکـە بفرۆشـێت و بـە چـەند دیرهـەمێك پاشـان خورمایـەکی تـازە بکرێـت لـە بـەر ئـەم بەڵگەیـە ئـەڵێین ئەگـەر ئافرەتێـك ئـاڵتونی خراپی هەبوو یان ئاڵتونێك باو نـەبێ ئـەوا لـە بازاڕ دەیفرۆشێت ئەنجا پارەکەی وەر دەگرێ وئـاڵتونی چـاکی پـێ دەکـڕێ ، ئـەو ڕێگەیـە

---

(٢٠) اخرجة الامام احمد واهل السنن باسناد صحيح .

(٢١) اخرجة الخمسة الا أبا داود بأسناد جيدة

(٢٢) رواه احمد وأبو داود و صححه ابن حبان والحاكم

(٢٣) وەڵامی شێخ ( ابن باز ) بروانە فتاوى البيوع ل ٣٢ .

دەگرێتـە بـەر کـە پیغەمبـەر ﷺ بـۆی روون کردینەوە[٢٤] .

**پ١٤ / حـوکمی شـەرع چـی یـە لـە کەسـێکدا کـە ئاڵتونەکـەی دەدات بـە کارگەی ئاڵتون بۆ ئەوەی بۆی دروسـت کـات زۆر جـار لـە کـاتی تواندنـەوەی ئاڵتون دا لە کارگەکان ئاڵتونی کەسێك دەگۆڕێتەوە بە هی کەسێکی تر ، بەلاّم کاتێ وەری دەگرێت بە هـەمان کـێش وەری دەگرێتــەوە کــە داویــەتی ؟ ئایـا کرێی دروست کردن مەرجـە لـە کـاتی وەرگرتنــەوەی ئاڵتونەکــەی یەکســەر بیدات یان مەرج نی یە و دروسـتە بـە قەرز لە سەری حساب بکرێت ؟**

وەلاّم / لـە سـەر کارگـەی دروسـتکردنی ئاڵتون پێویستە ئاڵتونی خەڵك تێکەڵ بە یەك نـەکات و شـتی هـەر کـەس بـە جیـا دابنێت ئەگەر عەیارەکان جیاواز بـوون ، بەلاّم ئەگەر عـەیارەکان یـەك بـوون ئـەوا دروسـتە و هـیچ زیـانێکی تێـدا نـی یـە ، پێویست نی یە یەکسەر کرێ ی پێ بدات چونکە ئەمە کرێ یە لە سەر کار ئەگـەر لـە کـاتی وەرگـرتنی ماڵەکـەی کـرێ ی تەسـلیم کـرد ئـەوا باشـە و ئەگـەر دوای خست ئەوا دروستە[٢٥] .

وبالله التوفيق
وصلى الله على نبينا محمد
وآله وصحبه وسلم .

(٢٤) وەلاّمی شێخ محمد ابن العثیمین/ فتاوی البیوع ل ٧٤

(٢٥) وەلاّمی شێخ محمد بن صالح العثیمین فتاوی البیوع ل ٨٠